# داخوازی ڕەوا و دەروونی نەخۆش

**سیروان ڕەحیم**

پێموابێت هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی دیکتاتۆران و ئەڤیندارانی کورسی دەسەڵات لە باری دەروونییەوە نەخۆشن, نەخۆش بوونی ئەوان ترسناکە. نەخۆشییەکە ڕاستی نابینن و قەناعەت و بۆچوونی خۆیان پێ ڕاست و پێ واقیعە. ئەوان لە وەهمی بەردەوامدا دەژین. دیکتاتۆران بەردەوام هەورێکی ڕەش بەسەریانەوەیە، هەورێك کە بەری هەموو ئاسۆ ڕوونەکانی لێگرتوون .

ئەوان بەردەوام هەستێك لە هەناویاندا قوڵپ دەدات کە خەڵك پێویستی پێیان هەیە، ئیتر با پەککەوتە و کۆڵەوژ بن یان قژیان بە بۆیە سپا بنوێنێت. بەردەوام پێیان وایە ئەوان نەبن خەڵك لە برسا دەمرێت. ئەوان نەبن ڕەوش ئاڵۆز و وەڵات دەکەوێتە بەر شەپۆلی مەترسی گەورە. دیکتاتۆرەکان بەردەوام وا لە نارەزایی خەڵك حاڵی دەبن کە خەڵك هەستاون تاکو ئاسایشی وەڵات تێك بدەن. عاشقانی کورسی دەسەڵات لە بری ئەوەینارەزایی خەڵك بیستن و تێبگەن لەتورەبوونی گەل سەبارەت بە کردەوەکانی ئەوان و لە دژی مانەوەی بەردەوامی ئەوان لەسەر کورسی دەسەڵات، کەچی ئەو توورەبوون و ئەو نارەزاییە وەکو هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی شیرۆڤە دەکەن .

نوکتەیەك کە پێشتر بۆ دیکتاتۆری چیلی ئاوگوستۆ پینۆشێت "١٩١٥-٢٠٠٦" دروست کرا بوو، ئەمجارە بەشێك لە میدیاکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەمان نوکتەیان بۆ حوسنی موبارەکی دیکتاتۆری هەڵاتوی میسر نوێ کردەوە. نوکتەکە وەهایە کە سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما تەلەفۆن بۆ حوسنی موبارەك دەکات و دەڵێت :

پێویستەماڵئاوایی لە خەڵك بکەیت. موبارەك لە وەڵامدا دەڵێت: بۆ خەڵك بە نیازن بۆ کوێ بچن؟ پێشتر پینۆشێت-ی دیکتاتۆریش هەمان شتی گوتبوو. نوکتەیەکە پێموایە کرۆکی دەروونی دیکتاتۆران ئاشکرا دەکات. ئەوان هەرگیز نایانەوێت ماڵئاوایی و وازهێنان لە کورسی بژین. تەنانەت ئامادەکردنی کورەکانیان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە واتەی مانەوەی ئەوانە لەو هەستەدا، هەستێك کە لایان وایە ئەوان لە کاراکتەریکورەکانیاندا بەردەوام دەبن لەوەی خەڵك مل کەچ و بەردەوام سەر نەوی بێت بۆیان.

ئەمە هەستێکی نەخۆش و هاوکات ترسناك و زیان بەخشە. بۆیە دەبێت لە ناو ببرێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵ و وەڵات تەندروست بن، پێویستە سیستەمی تەندروستی دەسەڵاتداری دەستەبەر بکرێت. ئەزموون و مێژوو پێمان دەڵێن هیچ وەڵاتێك بە فەرمانرەوایی دیکتاتۆر بە شێوەی تەندروست نەچوون بەرێوە و هەمیشە دەردەدار بوونە. دیکتاتۆران و ئەوانەی دەیان ساڵ دەیانەوێت جڵەوی دەسەڵاتیان بە دەستەوە بێت و هاوتەریبکورەکانیان ئامادە دەکەن بۆ سەرۆکایەتی کردن نەخۆشن. نەخۆشن و دەبێت

دوور بخرێنەوە. نەخۆشن و دەبێت ڤایرۆسی حەزەکانیان بڵاو نەبنەوە و کەسانی دیکەی کۆمەڵ نەخۆش نەخەن .

خۆشحاڵانە وا شەپۆلی راماڵینی ئەو هەستە نەخۆشە بەشێکی زۆری رۆژهەڵات و دنیای عەرەب و هەروەها وا خەریکە لای ئێمەیش دەگرێتەوە. ئەوەی لە بەرئەنجامی ئەم شەپۆلیتوور ەبوون و هەستانەدا لێی حاڵی دەبین، ئەوەیە ئیتر داهاتوو بۆکور انی سەرۆك و سەرکردەکان مسۆگەر نییە و جارێکی تر بنەماڵە و پادشاکان ناتوانن چەندین دەیە بە شێوەیەکیناڕ ەوا و نا قانونی سەرکردایەتی خەڵك بکەن .

لە هەموو زێد و نیشتمانە جیاوازەکان ئەوانەی شەڕ ی ناوخۆیان بەڕ یوە برد و ساڵانێکی زۆر خەڵکیان بە کوشت داوە و بەردەوام لە "کۆبوونەوەکانی ئاشتی"دا خۆیان وەکو قوربانی پێشان داوە، لە دەمی توور ەبوونی خەڵکدا زۆرتر نیشانەکانی نەخۆشی دەروونیان بە دیار دەکەوێت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، خەڵك ئەوە بڕ یارەی داوە خوێنی نەڕ ێژرێت و کەسانی تر لەسەر مێز دانەنیشن و مامەڵە بەو خوێنەوە بکەن. چل ساڵ زیاترە خوێن دەڕ ێژرێت و ئەو کاراکتەرانەیشبڕ یار لەسەر رشتن و نوو شتنی ئەو خوێنە دەدەن. ئەو کاراکتەرانەی خوێن و عاشق بە کورسی فریای چەندین نەوە کەوتن بەرانبەر بە یەك بیاندەن بەشەڕ دا. خوێنەکان هی نەوە جیاوازەکانن و کەچی کاراکتەرەکانی سیاسەت لە شەستەکانەوە تاکو ئێستا هەر هەمان کاراکتەرن. هەمان کاراکتەو کور و کچی خەڵکیان بە کوشت دا، بێ ئەوەی خوێن لە پەنجەی خۆیان یانکور ەکانی خۆیان بێت. ئایا ئیتر بەس نییە؟

کارەسات ئەوەیە خەڵك دیکتاتۆر و ئەڤینداری کورسی دەسەڵات رەت بکاتەوە و ئەویش خەڵك بە "گێرەشێوێن" و "دەستی دەرەکی" ناو ببات. زۆربەمان ئەو رۆژانەمان لە بیرە کە سەدام حوسێن و ماشینی راگەیاندنەکەی لە ساڵی ١٩٩١ دا راپەڕ ینی گەلانی عێراق و کوردیان بە "غوغا" ناو دەبرد. غەوغایش جۆرێکە لە گێرەشێوێنی و ئەو دەستەواژانەیش هەر هەموو لە فەرهەنگی دیکتاتۆرەکانەوە سەرچاوە دەگرن .

ئەوەی لە راپەڕ ینی خەڵکی ئێمەدا مایەی خۆشحاڵییە، وا لە ئیمڕ ۆوە خەڵکی راپەڕ یو بە کردەوە گوێیان لە تکای رۆشنبیرانی بە هەڵوێست و دڵسۆزانی ئەو نیشتمانە گرت و بەری جوڵانەوەکەیان بەرەو ئارامی وەرگێڕ اند و لە توندوتیژی دووریان خستەوە. ئەوە مایەی خۆشحاڵی هەمووانە کە لە ماڵەکەی ئێمەدا چالاکییەکان بێ توندوتیژی بەردەوام بن. ماڵەکەی ئێمە لە دۆڵێکدایە رەشەبا زۆر دەیگرێتەوە. بۆیە دەبێت زۆر ئاگادار بین. بەڵام دەبێت هاوکاتیش چالاکیو ناڕ ەزایی خەڵك بە ئارامییەکی کەم هاوتا و پڕ وزە هەموو ئەوانە بێنێتە سەر چۆك کە دەیان ساڵە گەمە بەو هەڵە مێژووییە دەکەن کە دەست گەلی کورد کەوتووە و ماڵ و کات و زۆر شتی پیرۆزی مرۆڤی کورد تاڵان دەکەن و نرخەکانی مرۆڤی ئێمە بە بێفەڕ ۆ دەدەن .

22.2.2011